www.kurdistannet.org
16-7-2006 15:51 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# شێرزاد عەبدولرەحمان و فەلەکەدین کاکەیی، جیابوونەوە و یەکگرتنەوە ... سەردار عەزیز ئۆمەر

sardarazizo@yahoo. com

ماوەیەکە لە میدیا کوردییەکاندا باس لەوە دەکرێ بۆچی فەلەکەدین کاکەیی شێرزاد عەبدولرەحمانی کردۆتە سەرنووسەری گۆڤاری هەرێم. من پێم وایە ئەمە بەشێکە لەو بەتاڵییەی نووسەری کوردی تێدایە، ئەگینا ئەمە چ رووداوێکی گەورەیە هەتا بەناوی ڕۆشەنبیرییەوە بەسەر خوێنەردا ساغ بکرێتەوە. ئەوانە نەهامەتییەکە لەوەدا دەبینن، کە چۆن فەلەکەدین کاکەییەک هەموو تەمەنی خۆی لە شاخ و بە پێشمەرگایەتی بەسەر بردووە و شێرزاد عەبدولرەحمانێک دەکاتە سەرنووسەری گۆڤارێکی کوردایەتی، کە هەموو ژیانی هەر بەعسی بووە. بە بڕوای من هەڵەکە ئالێرەدا سەر هەڵدەدات. ئەو تێگەیشتنە بەڕادەیەک چەوتە، کە دەبێت سەرلەبەری راست بکرێتەوە. باشە بۆچی مەسەلەکە وا تەماشا بکرێت، کە یەکەمیان لە شاخەوە هاتووە و دووەمیان لەناو بەعس؟ بۆچی لایەکی تری نەبینین، کە ئەویش ئەو ڕۆشەنبیرییەی ئەو دوانە هەتا ئەمڕۆ بە ئێمەیان گەیاندووە چەند لە یەکتر جیاوازن؟ مەبەستم ئاستی ئەو ڕۆشەنبیرییەیە، کە هەر یەکەیان بەرهەمیان هێناوە، نەک ناوەرۆکی ڕۆشەنبیرییەکەیان. کەس ناتوانێ نکوڵی لەوە بکات، کە فەلەکەدین کاکەیی لە شاخەوە هاتووە و خاوەنی ڕۆشەنبیرییەکی کوردایەتییە و شێرزاد عەبدولرەحمانیش لەناو بەعس بووە و باکڕاوەندێکی بەعسییانەی هەیە. کەواتە من نامەوێ سیاسیانە بۆ مەسەلەکە بچم، بەڵکو دەمەوێ خوێنەر بەرەو ئەوە بەرم، کە لە لای خۆیەوە بیر لەو کاریگەرییە بکاتەوە، کە هەر یەک لەو دوانە لەسەر ئەقڵی تاکی کوردیان داناوە. ئایا شێرزاد عەبدولرەحمان توانی ئایدۆلۆژیای بەعس لە مێشکی چەند کەسدا بچەسپێنێ؟ بەدرێژایی ئەو ماوەیەی شێرزاد عەبدولرەحمان خزمەتی بەعسی کرد کێ یەک بابەتی ئەوی خوێندەوە و بەرهەمەکانی لە چەند کۆڕ و کۆمەڵدا بوونە جێگای مشتومڕی خوێنەران؟ چ خوێندکارێک ڕۆژێک لە ڕۆژان نووسینەکانی ئەو پیاوەی کردە سەرچاوەی باس و ڕاپۆرتەکانی؟ ئایا بەرهەمەکانی بوونە هۆی بەرزبوونەوەی حەماسی ئەو جاش و سەربازانەی لە دژی پێشمەرگە جەنگان و بەشدارییان لە ئەنفالدا کرد، کە ناچێتە ئەقڵی کەس هیچ یەکێک لەو جاش و سەربازانە لاپەڕەیەکی ئەویان بینیبێ؟ بە بڕوای من ئەوانە نەک هەر بۆ نووسەرانی بەعس، بەڵکو بۆ بەشێکی زۆر لە نووسەرانی ئۆپۆزیشۆنیش هەر راستن. من خۆم یەک نووسینی فەلەکەدین کاکەییم لە بیر نییە ڕۆژێک لە ڕۆژان خوێندبێتمەوە و کاریگەرییەکەی لام مابێ. یەک گوتەی گرنگی ئەو پیاوەم بیر نایەتەوە، کە لە کەناڵە ئاسمانییەکان دەربیبڕێت. ئەگەر ناوی فەلکەدین کاکەییمان وەکو نووسەرێکی گەورە لە گوێدا دەزرنگێتەوە، ئەوە لە ڕێگای پلە و پایەی حیزبایەتییەکەیەتی بیرمان دەکەوێتەوە، نەک لە ڕێگای نووسینەکانیەوە. فەلەکەدین کاکەیی ئەمڕۆ بە میتۆدێک کار دەکات، کە ئەو میتۆدە کەم و زۆر لای شێرزاد عەبدولرەحمانیش هەیە، بۆیە لە گفتوگۆکەیدا دەڵێ شێرزاد عەبدولرەحمان توانای هەیە و دەتوانێ خزمەت بکات. خزمەت بە چی؟ بە کێ؟ ئێستا نابێ بیرمان بچێ، کە ئەوە چارەنووسە فەلەکەدین کاکەیی دەگەیەنێتە شاخ و شێرزاد عەبدولرەحمان لەناو شار دەهێڵێتەوە و دەیکاتە بەعسی. لەبەرئەوەشە لە بارودۆخێکی تردا پێکدەگەنەوە. شێرزاد عەبدولرەحمان هەموو ژیانی هەر بەعسی نەبووە. ئەو بچووکترین هونەرمەندی کوردایەتی بوو. منداڵێکی گۆرانیبێژ بوو. سروودی بۆ مەلا مستەفای بارزانی دەگوت و لە لایەن ئەو سەرۆکە نەتەوەییەوە خەڵات دەکرا. لەناو خەڵکیش خۆشەویست بوو. ئێستاش لە بیرمە ئێمە بە منداڵی گۆرانی و سروودەکانی ئەومان لە گەڕەک و لە قوتابخانە دەگوتەوە. ئەوەی وابزانێ شێرزاد عەبدولڕەحمان تاوانبارێکی گەورەیە و تاوانی نەتەوەیی

كردووە، ئەوە وەكو ئەوە وایە پێی وابێت فەلەكەدین كاكەیی فەیلەسووفێكی گەورەیە و وەكو ژان ژاك ڕۆسۆ بەرهەمەكانی بوونەتە هەوێنی شۆڕشێكی گەورەی سیاسی و كۆمەڵایەتی و مەعریفی. نە شێرزاد عەبدولرەحمان ئازرا پاوەندەی بەرەی فاشیزمە و نە فەلەكەدین كاكەیی ژان ژاك ڕۆسۆی بەرەی ئازادی. شێرزاد عەبدولرەحمان نەتەوەی كوردی نەفرۆشتووە، بەڵكو تەنها ویژدانی خۆی فرۆشتووە. منداڵێكی بێگەردی هونەرمەندی فرۆشتووە و نووسەرێكی هەراشی بێبەهرەی پێ كڕیوە. لە میمۆریی من و زۆر كەسی تریشدا هێشتا ئەو منداڵە ماوە، كە لەناو واقیعێكی دواكەوتووی وەكو هەولێر دەیتوانی هەنەرمەند بێت و جوانیی ببەخشێتەوە. سەیر لەوە دایە فەلەكەدین كاكەیی خۆی پێی وایە لە ئاستی شێرزاد عەبدولڕەحمانە، كەچی هەندێك نووسەر بەوە رازی نابن و بە زۆر و زۆرداری دەیانەوێ قەناعەتی پێ بهێنن، كە بەهەڵەدا چووە. گرنگ نییە كێ سەرنووسەری گۆڤاری هەرێمە، بەڵكو ئەوە گرنگە گۆڤاری هەرێم چ كاریگەرییەكی لەسەر ئاستی مەعریفەدا هەبووە. سەرنووسەری پێشووی بەعسی نەبوو. بەڵام ئەی چی بوو؟ كێ بابەتێكی گرنگی لە بیرە، كە لە یەكێك لە ژمارەكانی ئەو گۆڤارەدا بڵاوكرابێتەوە؟

شێرزاد عەبدولرەحمان ئەوەندەی نهێنیی نووسەران لایە، كە ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان ژیاننامەی خۆی ڕاستگۆیانە بنووسێتەوە، ئەوە زۆر نووسەر ئاشكرا دەبن، كە لە هەشتاكان لە ڕێگای ئەوەوە بەرهەمیان بەناوی خوازراوەوە بۆ جەنگی قادسیە دەنووسی و پاداشتەكەیان لەو وەردەگرت. هەندێك لەو نووسەرانە لە دوای ڕاپەڕینەوە لافی زۆر گەورە لێدەدەن. شێرزاد عەبدولرەحمان لەچاو ئەوانە هەر زۆر بێتاوانە. وایە كاك شێرزاد عەبدولرەحمان؟